هەواڵ

شەقڵاوە : وڵاتیەک دارکاری دەکرێ

رۆژی ١٣-١٢-٢٠٠٦ لە گەڕەکی ئازادی- شەقڵاوە وڵاتی(ب. ع) لە گەڵ چەند خزمێکی خۆی و دەسگیرانەکەی دەگەڕێنەوە بۆ ماڵی باوکی هەرکە لە ئۆتۆمۆبیلەکەی دادەبەزێ لە لایەن برای ژنە تەلاقدراوەکەی دارکاری دەکرێت. جێگەی باسە بەشدار سالێک لەمەوبەر بەهۆی کێشەی نێوانیان ژنەکەی خۆی تەلاق دابوو، برای ژنەکەش رق و کینەی لەلا دروست دەبێ و لەکاتی شیرینی خواردنەوەی ژنی دووەم لەو شوێنە ئامادە دەبێت و دارکاری دەکات.

فێرخوازانی چیوەی سەرو واز لە خوێندن دەهێنن

بەگوێرەی هەواڵ، رۆژی ١٤-١٢-٢٠٠٦ زۆربەی فێرخوازانی چیوەی سەرووی دەڤەری خۆشناوەتی وازیان لە خوێندن هێناوە. بەهۆی ئەوەی فێرگە لە گوندەکەیان نەبووە، رۆژانە هاتووچۆی ناحیەی بالیسانیان کردووە، وێرای هاتوچوونی خۆیان کرێی هاتووچۆی مامۆستاو پاککەرەوەیان لەسەر حیساب کراوە، بەو هۆیەوە و لەبەر نەداری بۆیان نەکراوە درێژە بە خوێندن بدەن.

پیرمام: وڵاتیەک دزی لێدەکرێ

شەوی ١٣- ١٢-٢٠٠٦ وڵاتی (گ. ح. ز)ی لەگەڵ خێزانەکەی سەردانی ماڵە دۆستێکی دەکات، کاتژمێر ٢٣:٣٠ کاتێ دەگەڕێنەوە، دەبینن دەرگەی ماڵەکەیان کراوەتەوە، دەرگەی ژووری نووستن شکاوە، ٢٥ مسقال زێڕی خێزانەکەی و ١٠ گەڵای دزراوە. جێگەی باسە ناوبراو گومانی لەسەر کەسێک هەیە کە گوایە زانیویەتی ئەو شەوە ئەوان لەماڵ نین، سکاڵای لە دژدا تۆمار کردووە.

خاوەنی نووسینگەیەکی کۆمپیوتەر دەستگیر دەکرێ

رۆژی ١٠-١٢-٢٠٠٦ خاوەنی نووسینگەی کۆمپیوتەری (....) بە تۆمەتی تەزویرکردنی پسولەی نەوت لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێت.

بەگوێرەی هەواڵ ئەو کەسە پێشینەی لەو کارانەدا هەیە، ساڵی رابردوو بە مۆنتاژی کۆمپیوتەر سەری کەسێکی لە شوێنی لاوێکی لەشجوانی شارەکە دانابوو، بەمەش گۆبەندی نابۆوە.

رانیە: مێرمنداڵێک لە سەر سیکۆتین خواردن دەستگیر دەکرێ

هەرزەکارێک بە ناوی (خ. ج) تەمەن ١٦ ساڵ، رۆژی ٨-١٢-٢٠٠٦ بەهۆی ئەوەی سیکۆتینی خواردووە و سەرخۆش بووە لە باخی رانیە لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێ، لە لێکۆڵینەوەدا دانی بە سیکۆتین خواردن داناوەو. ناوبراو هۆکاری ئەمەی گەڕاندۆتەوە بۆ گرانی مەی و مادە هۆشبەرەکانی دیکە.

خانەقایەک بە ١٠٥ ملیۆن دینار لەخەلان تەنگژە دەنێتەوە

دروستکردنی مزگەوت و تەکیەی شێخ محێدین نەقشبەندی لە گوندی خەلانی باڵەکایەتی بە بڕی ١٠٥ ملیۆنی دیناری عێراقی، لەسەر بودجەی حکومەت پرسیار و سەرنجی رۆشنبیرانی باڵەکایەتیی بە خۆیەوە خەریک کرد. ئەوان لەو باوەڕەدان کە دەڤەرەکەیان پێویستی بە شتی گرنگتر هەیە.

چۆمان : رێگە لە چالاکی رێکخراوەکانی حزبەکانی دیکە دەگیرێ

بەگوێرەی هەواڵ جگە لە رێکخراوە چەماوەرییەکانی لایەنی دەستەلاتدار هیچ رێکخراوێکی دیکە رێگەی پێنادرێت چالاکییە رۆشنبیری و زانستی و هونەریەکانی خۆی بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خوێندکاران لە سنوورەکە بەڕێوەببات. لە فێرگەکاندا داوایان لێدەکەن تا نووسراوی فەرمی لە بەڕێووەبەرێتی پەروەردە بهێنن، کەچی پەروەردەش بڕوبیانۆی و دەهێنێتەوەو رەزامەندییان پێنادات.

رۆستێ: شێوازی قەرەبوو کردنەوە ناڕەزایی لێدەکەوێتەوە

بەگوێرەی قسەی خەڵکی دەڤەرەکە بە شێوەیەکی هەرەمەکی زیانلێکەوتووان قەرەبوو کراونەتەوە، ئەمەش ناڕەزایی و نیگەرانی لێوەبەرهەم هاتووە. خەڵک لەوە ناڕازین کە بۆچی پرۆژەکانیان بۆ چاکنەکراونەتەوە، ئەمە لە کاتێکد خەڵکی وا هەیە هیچ زیانی بەر نەکەوتووە، کەچی هاوکاری باشی کراوە.

بەگوێرەی هەواڵ بڕیاروابوو رێکخراوێک کەل و پەل بۆ ١٠٠ زیانلێکەوتوو دابین بکات، ئەوانیش ٨٠ یان لە دۆڵی رۆست و ٢٠یان لە دۆڵی باڵەییان، بەڵام تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە ئەوانەی دۆڵی باڵەییان کەل و پەلەکانیان وەرنەگرتووە.

لەپشدەر دیاردەی دزی کردن سەری هەڵداوەتەوە

بەگوێرەی هەواڵ لە ناحیەی ژاراوەی دەڤەری پشدەر دیاردەی دزی کردن سەری هەڵداوەتەوە، دزەکان شەوانە هەڵدەکوتنە سەر دوکانەکان و تالانیان دەکەن، بەو هۆیەوە دوکانداراەکان زۆربەی کەل و پەلە بەنرخەکانیان بۆ ماڵەوە دەبەنەوە.

جێگەی باسە چونکە هیچ پاسەوانێک لەلایەن حکومەتەوە بۆ دوکانەکان دابین نەکراوە شەوی ١٩-١٢-٢٠٠٦ چەند دوکانێک بڕاو زیانیان لێدرا.

سکرتێری یەکێتی دیموکراتی دەگیرێ

کاتژمێر ١٩ی رۆژی ٢٠-١٢-٢٠٠٦ رێزدار محێدین شێخ ئالی، سکرتێری پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا لە کاتێکدا لە چایخانەی نەخلی شاری حەلەب لەگەڵ چەند دۆست و ناسیاوێکی دانیشتبوو، لەلایەن هێزێکی ئاسایشی سەربازی وڵاتی سوریاوە بەبێ هۆیەکی دیاریکراو قۆڵبەست کراو بەرەو شوێنێکی نادیار بردرا.

مەکتەبی سیاسی پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لە سوریا لە بەیاننامەیەکدا کە رۆژی ٢١-١٢-٢٠٠٦ بڵاوی کردۆتەوە، گرتنی سکرتێری پارتەکەیان پرۆتەستۆ دەکات و داوای ئازادکردنی دەکات.

پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد داوای لە ناوەندە نێونەتەوەییەکان کردووە کە گوشاری خۆیان لەسەر رژێمی سوریا چڕ بکەنەوە تا چیتر لەسەر جیاوازی بیروباوەڕ کەس زیندانی نەکرێ، شێوازی ترساندن و تۆقاندن رابگیرێ.

چاودێران گرتنی رێزدار محێدین شێخ ئالی تەمەنی ٥٥ ساڵ، چالاکڤانی بزاڤی سیاسیی رۆژئاوای کوردستان بە نامەیەکی هەرەشەئامێزی حکومەتی سوریا بۆ سەر بزاڤی کوردایەتی لێکدەدەنەوە، پێیانوایە کە دیمەشق دەیەوێ هێزە سیاسییەکانی رۆژئاوای کوردستان بترسێنێ تاوەکو هاوهەنگی لەگەڵ ئەو بەرنامانەدا نەکەن کە لەدەرەوەی وڵات بەمەبەستی روخاندنی بەشار ئەلئەسەد بەڕێوەدەچن.

پیاوێک، ژنەکەی خۆی و کەسێکی دیکە دەکوژێ

کاتژمێر ١٢ی رۆژی ٢٠-١٢-٢٠٠٦ کەسێک بە ناوی (ع) لەنێو بازاڕی لەنگەفرۆشانی شاری هەولێردا دەستڕێژی لە وڵاتییەک بە ناوی (ئ) کردو کوشتی، بەهۆی دەستڕێژی کردنەکەوە کچێک بە ناوی (ژ.ئ) بەسەختی بریندار بوو، بکوژەکە بێ ئەوەی دەستگیر بکرێ لە شوێنەکە دوور کەوتەوە، دواتر هێزەکانی ئاسایش گەیشتنە شوێنی رووداوەکە و برینداراەکەیان رەوانەی نەخۆشخانە کرد، دواتر زانرا کە کاتژمێر ٢٢ی هەمان رۆژ، واتە ٢٠-١٢-٢٠٠٦ هەمان کەس بەگوللە هاوسەرەکەی خۆیشی بە ناوی (س) لە ماڵەکەی خۆیاندا لە گەڕەکی بەستە پیازەدا کوشتووە.

بەگوێرەی هەواڵ تا ئێستا بکوژەکە نەگیراوەو هۆکاری تاوانەکانیش نەزانراوە، بەڵام گومان ئەوەیە کە کێشەکە ریشەی کۆمەڵایەتی هەبووە.

گەنجێک دەکوژرێ

بەگوێرەی هەواڵ: گەنجێکی تەمەن ٢٣ ساڵ بەناوی (ر. م) لە ٩-١٢-٢٠٠٦ لە گوندی ماویلیانی سەر بە رەواندز لە لایەن دۆستێکی نزیکی خۆی و بنەماڵەکەی دەکەوێتە داوی فێڵبازانەی و لە پێناوی پارەوپول دەکوژێ. جێگەی باسکردنە بکوژەکەی ناوی (ع.س) بەناوی سەفەرکردنەوە هەڵیدەخەلەتێنێ، هەر لە رێگەی دەرگەلە- پردی حافیز لە کەنار رووباریک دەیکوژێ و ئۆتۆمۆبیلەکەشی بەرەو پێشانگەیەکی رانیە دەبات و بە ٢٧٥٠ دۆلار دەیفرۆشێ، دوای ئاگادارکردنەوەی دەزگای ئاسایش ناوچەکە رۆژی دوایی لەبازگەی سەنگەسەر تاوانبار دەستگیر دەکرێ. ئەوەی شیاوی باسە کەسوکاری قوربانیەکە داوا لەدادگە دەکەن کە سزای مەرگی بەسەر بسەپێندرێ، یان رادەستیان بکەنەوە لەبری کوژراوەکە بیکوژنەوە. ئەمەی شیاوی باسە بۆ کۆنترۆڵکردنی کێشەکە کەسوکاری بکوژەکە لەمەراسیمی پرسەی قوربانیەکە دانیشتوون و خۆشیان لە بکوژەکە بێبەری کردووە.

هەولێر : رێگە نادرێ گەڕەکی تەعجیل نۆژەن بکرێتەوە

گەڕەکی تەعجیل یەکێ لە گەڕەکە دێرینەکانی شاری هەولێرە، پێشتر بە گەڕەکی جوولەکەکان دەناسرا، دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری هەولێر و شوێنێکی ستراتیژی گرنگی هەیە. هەرچەندە گۆڕەپانی کۆتری ئاشتی هەڵکەوتوو لە بەردەم گەڕەکەکەدا نەخشەی بۆ داڕێژراوەو بە شێوەیەکی تازە دروست دەکرێتەوە، بەڵام سەربارەی ئەوەی کە خانووەکانی ئەو گەڕەکە کۆنن و زۆر لەمێژە کە دروست کراون و پێویستیان بە نۆژەن کردنەوە هەیە، کەچی پارێزگاری هەولێر بە بیانۆی ئەوەی کە ئەو شوێنە لە نەخشەی ئاوەدانکردنەوەی تایبەتدایە، رێگە نادات خانووەکان نۆژەن بکرێتەوە.

دانیشتووانی ئەو گەڕەکە لەبەر کۆنی و نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست بەتەواوی هەراسانن، وێڕای ئەوەی کە چەندین جار داوایان لە لایەنە پەیوەندداراەکان کردووە کە ئاورێک لەو گەڕەکە بدەنەوە و هەوڵی نۆژەن کردنەوەی بدەن، بەڵام کەمتەرخەمی دەنوێندرێ و بایەخی پێنادرێ، گومانی ئەوە هەیە کە لایەنە پەیوەندداراەکان نیازی ئەوەیان هەبێ کە پرۆژەی بازرگانی لەو شوێنەدا دروست بکەن، بەو هۆیەشەوە رێگە نادرێ خانووەکان چاک بکرێنەوە و خزمەتگوزاری پێویستیشیان بۆ دابین ناکرێ.

دەست بەسەر زەوی وڵاتیەکی دەڤەری پیرمام دادەگیرێ

بە گوێرەی هەواڵ، چەند ساڵێکە بەرپرسێکی دەسترۆیشتووی ناوچەکە دەستی بەسەر پارچە زەوێکی وڵاتی (ش. ئ. ر)ی خەڵکی گوندی بیرێژی بناری سەری ڕەش داگرتووە.

بەگوێرەی هەواڵ تا ئێستا ناوبراو زیاتر لە ٢٠٠ سکاڵای بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە تایبەتیش بۆ رێژدار سەرۆکی حکومەت بەرز کردۆتەوەو، کەچی وەڵامی نەداراوەتەوە .

جێگەی باسکردنە ناوبراو سێ منداڵی کەمئەندامی هەیە و هاوسەرەکەشی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوییە، ئێستا لە خانووی کرێدا دەژی. ئەمە لە کاتێکدا کە تاپۆی زەویەکە بە ناوی خۆیەتی و هیچ پاساوێکیش بۆ داگیرکردنی زەویەکەی لە ئارادا نیە.

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، کۆنفرانسێک لە ئیستەنبۆل بەڕێوەدەچێ

هەواڵەکان: دوای ئەوەی رۆژی ١٩-١٢-٢٠٠٦ لە تارانی پێتەختی وڵاتی ئێراندا کۆنفرانسی زانستی شوناسی کوردی لەلایەن بنکەی هونەری و کولتوری کازیوە بەڕێوەچوو، ئێستا کۆمەڵێک سیاسەتمەدارو رۆشنبیرو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە تورکیا خۆیان بۆ سازکردنی کۆنفرانسێکی هاوشێوە لە ئەنقەرەی پێتەختی وڵاتی تورکیا سەبارەت بە کێشەی کورد ئامادە دەکەن.

بڕیاروایە کۆنفرانسەکە لە ژێرناوی (دەستپێشخەری بۆ ئاشتی) لە رۆژانی ١٣،١٢، / ١٤ی مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ بە بەشداری بەرفراوانی رێکخراوە مەدەنیەکان، نوێنەرانی هێزە سیاسییەکان، رۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی سەربەخۆوە بەڕێوەبچێ. راستیەکەی کۆنفرانسەکە بە مەبەستی دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی ئاشتیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ساز دەکرێ. ئەوانەی بەشداری لەو کۆنفرانسەدا دەکەن پێیانوایە کە نەبوونی یەکسانی و پشێوی هێمنایەتی و بەرتەسککردنەوەی ئازادیەکان روو لەسەرە، لەمەشدا حکومەت بەرپرسیارە. بۆ ئەوەی تورکیا رۆڵی خۆی کایە بکات دەبێ دەرفەتی ئاشتبوونەوەو چارەسەرکردنی کێشەکان، بەتایبەتی کێشەی کورد بڕەخسێندرێ و چیتر بە چاویلکەی سەدەی رابردوو لە هاوکێشە سیاسیەکان نەڕواندرێ. شیاوی باسە کە دەستەڵاتدارانی تورکیا بەردەوام جەخت لەسەر نەبوونی کێشەی کورد لە وڵاتەکەیاندا دەکەنەوە، بەڵام سیاسەتمەداران و چالاکڤانانی بواری مافی مرۆڤ ئەمە بەراکردن لە راستیەکان لێکدەدەنەوەو رایدەگەیەنن کە بەهۆی چارەسەرنەکردنی کێشەی کوردەوە وڵاتەکەیان دووچاری گەورەترین پشێوی و نائارامی بۆتەوە، شەڕی چەکداری لەنێوان گەریلاکان و سوپای تورک درێژەی هەیە، بەمەش زیانێکی گەورە بە تورکیا گەیشتووە.

لەسەر مارەبڕینی ژنی دووەم دەستگیر دەکرێ

بەگوێرەی هەواڵەکان، وڵاتی (ج.ک) تەمەن ٤٥ ساڵ، دانیشتووی پارێزگای هەولێر، لە دەرەوەی دادگە و بەبێ رەزامەندی ژنی یەکەم، خوازبێنی کچێکی دیکەی کردووەو لەلای مەلای ئایینی مارەی بڕیووە، دوای ئەوەی زانراوە کە ژنی دووەمی مارە کردووە، ژنی یەکەم سکاڵای لە دژدا تۆمار کردووە، بەو هۆیەوە دەستگیر کراوە.

ئەوەی شیاوی باسە بەبڕیاری دادگە بەبێ رەزامەندی ژنی یەکەم و بەبێ هۆیەکی باوەڕهێن، هێنانی ژنی دووەم قەدەغە کراوە کەچی رۆژانە دەیان رووداوی لەو شێوەیە دووپات دەبنەوە. هەر لەو پێوەندیەدا هەواڵنێری رۆژی گەل زانیویەتی کە ئەفسەرێکی سوپای کوردستان وێرای ئەوەی کە هاوسەرەکەی لەهەمان یەکەی سەربازیدا پلەدارە و خزمەت دەکات، خوازبێنی ژنێکی دیکەی کردووەو بە دزییەوە مارەی بڕیوە، ئێستا خەریکە ماڵی بۆ دادەنێ و بەنیازە لە ماوەی داهاتوودا بیگوازێتەوە.

هەواڵی سەیر

* رۆژی ٢٠٠٦/١٢/١٧ بە ئامادەبوونی سەرۆکی شارەوانی چەمچەماڵ خانوویەک بەشۆفلی شارەوانی لەگەڕەکی شەهیدانی ٦٩ تێکدرا. بەقسەی شارەوانی بێ، بەبێ پرسی شارەوانی دەست بەکارکردن کراوە بۆیە تێک دەدرێ.

واتا تەجاوز بووە، بەڵام سەیرەکە لەوەدایە ئەو پارچە زەوییە لەناو نەخشەی رەسمی شارەوانیدایەو ژمارەی تایبەتی خۆی هەیە ئەم لاو ئەولاشی کراوە بەخانوو!!

* ئەنجومەنەکانی ناحیەی قەرەحەسەن بەتایبەتی گوندی خاڵۆبازیانی لەم بڕە پارەی هەفتەی رابردوو کەدرا بە هاوڵاتیان، هەر ماڵێک ٢٥ هەزار دینارییان لێ بڕی، بەرەسمی دەیان گوت: بۆ مەسروفاتە, بەڵام ئەوەی کە سەیرە ئەوان لەجیاتی مووچەیەک دوو مووچە وەردەگرن و کارەکانیش دراوە بە بەڵێندەر!!

* سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ گوتی: لەدوای راپۆرتەکەی بیکەر هاملتۆن بەرەی تورکمانی لە کۆبونەوەیەکی فراوانی خۆیان باسی ئەوەیان کردووە کە هەرێمی کوردستان لە کورد دەسەنن و دەیدەنە دەست تورکمان، ئەگەر ئەوەش نەبێ هەرێمێکی فیدراڵیمان بۆ دروست دەکەن. سەیری هەواڵەکە لەوەدایە ئەوکەسەی کە ئەو نهێنییەی لەکۆبوونەوەکە بۆ کادرەکان باس کردووە هەرخۆی دوای کۆبوونەوەکە گوتویەتی: فش ئەمەشمان بەرێ کرد.

* رۆژی ١٢/١٨ لەناحیەی شۆڕش بە هۆی تەقینەوەی پرێمزەکەی نانەواخانەیەک گرەدەگرێ و دووکەس دەسووتێ. دواتر دەرکەوتووە کە نەوتەکەیان بەنزینی تیا بووە. زۆر سەیرە شۆفێر گلەیی لەبەنزینەکە هەیە کەنەوتی تیایە، کەچی لەولاوە پێچەوانە بووەتەوە.

* بەرێوەبەری فێرگەیەکی ئامادەیی لە گەڕەکی شۆڕیجەی کەرکوک فێربووە جێنۆی زۆر ناشرین بە فێرخوازەکان دەدات. لەسەر ئەو کارەی بانگ کراوە لەلایەن رێکخراوێکی تایبەتەوە بە فێرخوازان ئامۆژگاری کراوە کەچی لەبەرامبەردا گوتوویەتی: خۆزگە بەجاران بەس نەبوو یاساکان بەدڵی خۆمان دەچەسپاو دەرۆیی.

* مقۆمقۆو مشتومڕێکی زۆر لەنێوان کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان دروست بووە لەسەر بڕینی پارەی شەهیدەکانیان، ئەوان دەڵێن کوڕو مێردەکانمان کە شەهید بوون بۆ کوردستان شەهیدکران ،مووچەکەیان خوێنی خۆیانەو میراتێکە بۆ منداڵ و ژنەکانیان چی پەیوەندی بەدوای خۆیانەوە هەیە، بەو حسابە بێت ئێتر ئەوەی باوکی ئەنفالە یان شەهیدە با نەخوێنێ و دانەمەزرێ. پیرەمێردێک پێی وابوو ئەو پارەیەی کە لەبەغدا بڕاوە ئەمان لەشەهیدان تۆڵەی دەکەنەوە.

* کاتژمێر ١/٣٠ ی رۆژی ٢٠٠٦/١٢/١٥ پۆلیسێکی هاتووچۆ لە چواررییانی سەرچنار داوای مۆڵەت و سەنەوی لە شۆفێرێک کرد کەلەوێ نەفەری بارکرد. ئەم زۆر پارایەوە سوودی نەبوو، بەڵام دوایی منداڵێکی شت فرۆش لەوێ بوو شۆفێرەکەی ئیزن دا، خوا پێم نەگرێ هەندێ قسەی لەگەڵ هەردووکیانیش کرد